# قەیرانی ئۆپۆزسیۆن وستەمکاری دەسەڵات

محمد حسین

هەرکۆمەڵگایەك بتوانێت دەسلاّتێکی دیموکراسی بەرهەم بێنێت بێگومان دەشتوانێت ئۆپۆزسیۆنێکی چالاکی زیندوو بەرهەم بێنێت ,ئەم هاوکێشەیەبەجۆرێکە ناتوانین نەدەسلاّتێکی دیموکراتی بیّ ئۆپۆزسیۆنێکی چالاك ببینین ونەزەمینەی دروستبونی ئۆپۆزسیۆنێکی جدی و شارستانیش دەبینین لای دەسلاّتەستەمکارو دیکتاتۆرەکان . گەرئۆپۆزسیۆنی چالاکیشمان بینی لەسیاقێکی ستەمکاریدا ئەوا یان لەدەرەوەی ولاّتەوبۆمانەوەی ژیانی هەزاران میل دورتر پەنابەری ولاّتێکی ترە ,یان لەسەرمۆدێلەکۆنەکەی شەڕی چەکداری دنیای سێیەم کەبەشەڕی پارتی زانی ناونراوە دایانەتەشاخ وبەنهێنی کاری خۆیان ئەکەن .هەرلەبەردەم ئەم گرفتەدا دیمەنێکی تری دیکتاتۆرانە هەیە کەبینینی زۆرپێویستە ئەویش دروست کردنی ئۆپۆزسیۆنی ساختەوکارتۆنیە بەدەستی دەسلاّتداری دیکتاتۆرخۆی ,کەشێوەمەئلوفەکانی ئەم جۆرەئۆپۆزسیۆنەلەولاّتی خۆماندالەفۆرمی حیزب ورێکخراوی پیشەیی وهەندێك جاردەزگای ڕاگەیاندنیشدا دەبینرێت . وەك چۆن لەنێوان دیکتاتۆریەت وئۆپۆزسیۆنی لەولاّت بەدەرنراو ,یان ساختەودروستکراو پەیوەندیەکی سەبەبی هەیە بەهەمان شێوەش دیوەکەی تری دیاردەکە پەیوەندیەکی پێکەوەگرێدراوی نێوان سیستەمێکی دیموکراتی وئۆپۆزسیۆنێکی چالاکی جدیە . چونکە هیچ دەسلاّتێك نیە لەجیهاندا بۆخۆی وبەسروشتی خۆی دیموکراتی بێت ,هەمیشە ئامادەیی دەسلاّتدار بۆیاری ئالّوگۆڕی دەسلاّت وئامادەی ئەوبەرگریانەی ئۆپۆزسیۆن کەلەڕێگای دامەزراوە مەدەنی وجەماوەریەکانەوەئەیکەن دەوری پێکهێنانی سیستەمێکی دیموکراتی ئەگێڕن . ئەمەش بەهاوڕێیەتی چەند مەرجێکی تری وەکو : دەستورێکی شەرعی , لیّکجیاکردنەوەی دەسلاّتەکان ,بالاّدەستی‌یاساو ...هتد . چونکەبەبیّئەم ڕێکخستنە دامەزراوەییە ئەوا فرە هێزی لەواقعداهەمیشە ئەگەری شەڕی‌ناوخۆی لەگەلّ خۆیدا هەلّگرتووە . ڕێك وەکو ئەوئەزمونەتالّەی‌لەکوردستان بینیمان . بەهەرحالّ گەرتەنهائەوپێناسەسادەی دیموکراسیەت وەربگرین کەدەلّێت( کۆنترۆلّی خەلّکیە لەسەربڕیارەکانی دەولّەت وئالّوگۆڕی دەسلاّت ) ئەوادەکرێت هاوکێشەی نێوان دەسلاّت وئۆپۆزسیۆن بەدەروازەیەکی گرنگ بزانین بۆتێگەیشتن لەگرفتەکانی دیموکراسیەت لەولاّتی خۆماندا .

بۆڕونترنیشاندانی چەمکی ئۆپۆزسیۆن لەم نوسینەدا جیاوازنیە لەوماناکۆنکریتیەی کەبریتیە لەگشت حیزب و ڕێکخراووگروپەکانی‌کۆمەلّگای‌مەدەنی وڕاگەیاندنی ئازاد وهەمووئەودامەزراوانەی تر کەبەهێزی‌فشارناوئەبرێن .

لەکۆمەلّگای کوردیدا وەکودیاردەیەك ئۆپۆزسۆنمان هەیە لەهەردو ئاستی کۆمەلّگای سیاسی وکۆمەلّگای مەدەنیشدا ..بەلاّم هیچ زیرەکیەکی ناوێت بۆئەوەی لەیەکەم ڕوانینیدا هەستبکەین ئۆپۆزسیۆنێکی ناچالاك و بیّکارەکتەرمان هەیە , چونکەکەمنین ئەومەسەلەسیاسیەگەورانەی پەیوەندی دارن بەژیانی ئاسایی هەمووهاولاّتیەکەوەو بیّدەنگوهەلّوێستی ئۆپۆزسیۆن تێئە پەڕێت ,کەمنین ئەوهەلّەسیاسیەگەورانەی ئۆپۆزسیۆن هیچ دەنگ وڕەخنەیەکی نیە بەرامبەریان ,یان ئەوهەموڕێکخراوە پیشەییە ساختەی لەکوردستاندا حیزبەکان فەرزیان کردۆتە سەرهاولاّتیانادا بەناوی‌خەباتی پیشەییەوە ( تەماشای پەیوەندی یەکێتی مامۆستایان لەگەلّ مامۆستایان وڕێکخراوە خوێندکاریەکان لەگەلّ ناوەندەکانی خوێندندا بکەن, پەیوەندیەکی ستەمکارانەیە پڕبەمانای وشەکە ,لێرەدا پێویستەئەوپرسیارەبکەین کەئێمەلەگەلّ چ جۆرەئۆپۆزسیۆنێك وچ چالاکیەکی سیاسیدا مامەلّەدەکەین ؟ تابلۆی سیاسی کوردستانی باشورچەندڕنگێکی ئۆپۆزسیۆنی تیایەکەلەسیّجۆرو ئاستی جیاوازدا شێوەگیردەبن .

جۆری‌یەکەم : ئۆپۆزسیۆنێکی‌چالاکی توندڕەوی‌سیاسیە کەبەڕۆحێکی‌گە نجانەی توندەوە تێزەکانی خۆیان پێشکەشئەکەن ,ئەمانەنەیانتوانیوەجەماوەری‌بن وتائێستاسنوری‌دەستەبژێرییان تێنە پەڕاندووە وهەرزووتوشی سەرکوت کردنی دەسلاّتداران هاتن وتائێستاش لەتەنگژەی سیاسی وڕێکخراوەیی خۆیاندان بەهەردووفۆرمەکۆمۆنیستی + ئیسلامیەکەیشی .

دووەم : ئۆپۆزسیۆنێکی‌میانڕەوی ناوەندیە کەهەندێك جاربەدەنگ دێن لەکێشەکان وزۆرجاریش بەبیانوی واقع بینی وڕەچاوکردنی هەلومەرجی کوردستانەوە لەفرەکێشەی گرنگ خۆیان بێدەنگ ئەکەن .ئەم دیمەنەی ئۆپۆزسیۆن کەزۆربەی حیزبەکوردستانیەکانی تیا ئەبینرێتەوە ئەوەندەی بەدوای هەلّوێستی هاوبەش وهاوپەیمانی دەسلاّتداراندا ئەگەڕین ئەوەندەهەلّوێستی ڕەخنەگرانەیان لیّنابینرێت بەرامبەر هەلّەسیاسیەکانی دەسلاّتداران کەئۆپۆزسیۆن بونیان لە پێگەی‌سیاسیدا لێیاندەخوازێت ,ئەمجۆرەسیاسیانەدەلّێن پرۆسەی دیموکراتی وئاستی پێشکەوتنی کۆمەلّگای کوردی نزمەو نابێت لەئێستادا چاوەڕێی

لەوەباشتربکەین ,یان نابێت ڕەخنەیەك بگرین دڵیدژمنانی کوردو ئەزمونەساواکەیخۆشبکات (( هەمومان بینیمان چۆن لەم ڕۆژانەدا بەوهاوپەیمانیەتیەی دووزلهێزەکەو حیزبەکانی تر دیموکراسیەتی هەلبژاردنەچاوەڕوانکراوەکەیان ئەتك کرد ,ئەوەی ئەمرۆ ناویان نا هاوپەیمانێتی و هەموهێزەکان بەدەسلأتداروئۆپۆزسیۆنەوە قبوڵیان کردلە براوبەشکردنی غەنیمەیەکیبێخاوەن دەچێت نەك ڕێکەوتنێکی سیاسی چەند هێزێك .

سێیەم :ئۆپۆزسیۆنی دروستکراوی دەسلأتدارانە ,ئەم شێوەیان لای خۆمان هەم لەفۆرمی حیزبی سیاسی وهەم ڕۆژنامەو دەزگای ڕاگەیاندنی بەناو ئازادا ئەبینرێت ,ئەمانە بەزۆری ڕۆژەتاڵەکانی شەڕی ناوخۆ پێویستی بونیانی هێنایەئاراوە کەبێ کەڵكترین ڕەگەزی سیاسی ناو کایەی سیاسی کۆمەڵگای کوردین ,ڕۆڵی ئەمانە هەرئەوە نیە شایەتی ناهەق بۆدەسلأتدارانێکی ستەمکار ئەدەن ,بەڵکوهەندێك جار بەتایبەتی لەبواری ڕاگەیاندندا ئاراستەئەکرێن بۆلێدان وتەشهیرکردن بەوهێزووکەسایەتیەسیاسیانەی خاوەنی هەڵوێست وئیرادەی سەربەخۆی خۆیانن .

لەدەرەوەی ئەم پۆلێن کردنەش چەندهەوڵێکی جوانی هەندێك ڕۆژنامەوڕۆژنامەنوسی ئازاد هەیە کەچاوەڕێی کاری مەزن وجوانیان لێ ئەکرێت ,هەرلەم بوارەدا دروست بونی توێژێکی خوێنەر کەبەتەواوی سنوری خوێندنەوەی ئەدەبیاتی حیزبی ودەسلأتیان تێپەڕاندووە ,هەموئەمانە ئاماژەی دڵخۆشکەرن بۆلەدایکبونی ئۆپۆزسیۆنێکی چالاکی جدی کەلەئاستی گەورەی کێشەکاندا بێت .

لێرەدا کەقەیرانی ئۆپۆزسیۆنمان هەیە بێگومان قەیرانی ستەمکاری سیاسی وناعەدالەتی کۆمەڵایەتیشمان هەیە .ڕاستەبۆڕێکخستنی پەیوەندی نێوان حکومەت وکەناڵەمەدەنی وسیاسیەکانی ئۆپۆزسۆن چەندبەندێکی یاسایمان هەیە ,کەی ئەم بەندانەش بەشی ئەوەی نەکرد ڕۆژنامەنوسێکی پێ بخرێتەزیندانەوە ئەوا پەنائەبرێت بۆیاساکۆنەکانی زەمانی بەعس ,,بەلأم لەزەمینەی واقعدا ئەوەی کێشەکانی بەڕێ کردووەئەم یاسانە نەبووە ئەوەندەی بەرژەوەندی حیزبی وبڕیاری میزاجی وستراتیجی لێدانی لەناکات وفشاریسەربازی و ئابوری وسیاسی ئامادەیی هەبووە ,گەمەسیاسیەکانی ناو گۆڕەپانیکوردستان کێبەرکێی ئاشتیانەویەکتربڕینی دیموکراسیانە نەبووە لەچەندساڵی رابردوودا .دادگاکان بڕیاردەرنەبوون لەیەکلای کردنەوەی کێشەبەبنبەست گەیشتوەکاندا .لێرەدادەکەوینەبەردەم چەند پرسیارێکی جەوهەریەوەبۆبابەتەکە :ئایا ئامادەییەکی زاتی بۆئۆپۆزسیۆن بون لای لایەن ودەزگا ئۆپۆزسیۆنەکان هەیە, یان گرفتەکە لەوێوەیە کەدەسلأتی حیزب سالاری هەمو ئەوپەراوێزەئازادانەی زەوت کردووە کە پێویستن بۆهەناسەدانی هەرئۆپۆزسیۆنێکی چالاك ؟ بێگومان هەمومان فرەڕەنگیەکی جوان دەبینین لەناو ئەوهێزوو خەڵکانەی ئەیانەوێت ئۆپۆزسیۆن بن ,هەست بەبەرپرسیاری کردن بەرامبەر کێشەیەك پاڵنەری دروست بونی زۆربەیانە ئیتر گرنگ نیە پاڵنەرەکە چ کێشەیەکە , ئاینە ,خەباتی چینایەتیە , مەسەلەی نەتەوەییە ,داد پەروەری کۆمەڵایەتیە ....هتد ڕاستی دیار لەم ڕەهەندەوە ئەوەیە خەڵکانێکی زۆربەرپرسیاری ئۆپۆزسیۆنبونیان هەڵگرتووە بەرامبەرکێشەسیاسی وکۆمەڵایەتیەکانی ئەم وڵاتە وهێزگەلێکی جۆراوجۆریان لێ دروست بووە ,ڕاگەیاندنی ئازادوو ڕەخنەگری جدی تیادروست بووە بەبرەوێکی باشیشەوە . هەرئەم کۆمەڵگایەی ئێستا تاوەکو هێزەسیاسیەکانی بەخەباتی ئازادی نیشتمانیەوەخەریك بون هەمیشە کەرەستەیەکی خاوی شۆڕشەکانی بووە ,ئیتر هیچ مانایەکی نیە گومان کردن لەتوانای کۆمەڵگا بۆبەرهەمهێنانی هێزی چالاك وزیندوو . بەلأم گرفتی زۆردیار لێرەدا لەو ژینگە سیاسیە پڕلەکێشەی دوای کارەساتەکانی شەڕی ناوخۆدایە,لەوسەرگەردانیەسیاسیەی بەمیرات لەشەڕی ناوخۆوە بەجێماوە و لەوکاتەوەی حیزب هەموو سەرچاوەئابوریەکانی وڵاتی داگیرکرد و سوپای هەمو وڵاتەدراوسێکانیان گلاندە شەڕە سیزفیەکانیانەوە و هەمودامەزراوەحکومیەمانیان کردە حیزبی و بەکاریان هێنان بۆمەبەست وبەرژەوەندی حیزب وستراتیژی پاکسازی نەیارانیان پێڕەوکرد بەجۆرێك تەواو ڕوبەری ژیانیان تەسك کردەوە لەبەردەم ئەم بەشەی کۆمەڵگاکەلەدەرەوەی شانەڕێکخراوەییەکانی حیزبەکەیاندایە .لەم ڕەوشەدا هیچ هێزێك لەدەرەوەی دەسلأتداران مافی کەڵك وەرگتنی نیە لەمیکانیزمەکانی هێزلەکۆمەڵگادا وهەمو ئەوپێگەوشوێنەگشتیانەی کەبەبواری گشتی ناوئەبرێت قۆرغکراوە لەلایەن دەسلأتدارانەوە,ئەم دۆخە پڕستەمکاریە کەسەرەتایترین پرەنسیپەکانی مافی هاولأتی بون وڕێزگرتن لەماف و کەرامەتی مرۆڤی تیا نابینرێتەوە ودەورێکی خراپی گێڕالەئفلیجکردنی چالاکیسروشتی وڕاستەقینەی ئۆپۆزسیۆنێك کەدەرهاویشتەی ناو قەیرانەکان بێت .ئەم دۆخە یان ئۆپۆزسیۆنی تیا سەرکوت ئەکرێت یان بون و ژیانی مەرج دارئەکرێت بەکۆمەڵێك پابەندیەوە کەتەواو کارەکتەری ئۆپۆزسینی لێدەسێنرێتەوە وئۆپۆزسیۆنبونیان تەنها لە پاشکۆیەتی دەسلأتداراندا پراکتیك ئەکەن . بێگومان پێچەوانەی ئەم دۆخەیش گەربهاتایەوهەرحیزب وئاراستەیەکی سیاسیوهەردەزگایەکی

مەدەنیوئۆپۆزسیۆن بەتەواوی کارەکتەری خۆی بەرجەستەبکردایە ئەواهەموو لایەك بەحاکم ومەحکومەوە سود مەند ئەبون , چونکە ئەوەئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەیە دەوری سانسۆری دەسلأتدار ئەبینێت وهەمیشە لەهەڵەکان ئاگاداری ئەکاتەوە .هەمیشە ئاوێنەیەکی بۆداناوەو شێوەو ڕەنگدانەوەیکردەوەکانی خۆی پێ نیشانئەداتەوە .بەلأم دیارە عەقڵی سیاسی ونەفەسی دیموکراسی لای ئێمە هێشتا نەچۆتەئاستێك ڕەخنەو دژایەتی لەیەکتر جیابکاتەوە , دەسلأتدارێتی بەمافێکی سروشتی خۆی نەزانێت و مل بدات بۆسندوقی هەڵبژاردن گەرهاتو زۆرینە قبوڵی نەکرد .

بێگومان هیچ چارەسەرێکی سیحری وئامادە لەئارادا نیە بۆکێشەکە جگە لە لەبەخۆدا چونەوەو خۆجولأندنی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان , چونکە بەبێ هەوڵدان بۆیەکسانی هەموان لەبەردەم یاساداو دەرفەتی کارکرد ن و بەهرە مەند بون لە سەرچاوەکانی هێزلەم ولأتەدا .بەبێ بەدەنگ هاتن لەهەمو ئەو کێشەو گرفتانەی کۆمەڵگا ناکرێت چاوەڕێی ڕەوشی لەمە باشتر بین .دەبێت بیانوی دواکەوتوی کۆمەڵگا نەکرێتە پاساو وەك ئەوەی هەندێك لایەن دەڵێن باچاوەڕێی ئەوڕۆژە بکەین کەکۆمەڵگا لەم دۆخە چەقبەستوەی ئێستا دەرچێت ئەوسا بەکاری پێویستی خۆمان هەڵدەسین و دیواری بێدەنگی ئەشکێنین ,بێگومان بێدەنگی لەئەمڕۆو خۆئامادەکردن بۆپاشە ڕۆژێکی خەیاڵی جگەلەمەرگێکی حەتمی هیچی تری لێ‌بەدی نایەت ,'هیچ پاشە ڕۆژێکی جوانیش دروست ناکرێت بەبێ تێکۆشانی ئەمڕۆ .

Mihamad_79@yahoo.com